سەرۆک وەزیران بانگهێشتنامەیەکی لە شازادەی جێنشینی سعودیەوە پێگەیشت

سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە ، بانگهێشتکی لە شازادەی جێنشینی سعودیەوە میر محمد کوڕی سەلمان عەبدولعەزیز پێگەیشت بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە سەرۆک وەزیران بانگهێشتکی فەرمی لە شازادەی جێنشینی سعودی میر محمد کوڕی سەلمان پێگەیشت بە بەشداریکردن لە لەکۆبوونەوەی تایبەتی کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی کە لەکۆتایی مانگی نیساندا لە شانشینی سعودی بەڕێوەدەچێت.

میر محمد کوڕی سەلمان لە نامەیەکدا کە ئاڕاستەی سودانی کردبوو ئاماژەی بەوەدا کە بەشداریکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق کاریگەریەکی باشی دەبێت لە سەرخستنی کۆبوونەوەکە.